## بەیاننامەی پلنیۆمی چواردەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سەبارەت بە: ریگاچارەی خەلکی کوردستان لە هەلومەرجی ئیستای عیراقدا.

# ریگاچارەی گونجاوو کارساز بۆ خەلکی کوردستان جیابونەوەو پیکیهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو سکولارە!

خەڵکی کوردستانی عیراق لە مێژووی دەیان ساڵەی دەسەڵاتداریێتی دەوڵەت وحکومەتە ناسیۆنالیستیەیە عەرەبیەیەکان لەم وڵاتەدا قوربانی ستەم وهەلاواردنی نەتەوایەتی بووە. ڕووخانی ڕژێمی دڕندەی بەعس پایەکانی ئەم ستەمەی تێکڕماند وئەو ئیمکانەی فەراهەم کرد کە لە ڕێگای پێکهاتنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی وسکولار ومەدەنیەوە لە عیراقدا، ئەم ستەم وهەڵاواردنە وکیشەی کورد بە یەکجاری کۆتایی بێت. خەڵکی کوردستان لە سایەی دەوڵەتێکی وادا دەیتوانی هاوشان لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری عیراقدا لەسایەی سیستەمێك کە مافی هاوڵاتی یەکسان وتەواو بۆ هەمووان دەسەلمێنێ بە ئاسودەیی ودوور لە ستەم وچەوسانەوە بژین. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەیەوە لە دژی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان خەباتی کردووە، بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس وبەپێی هەلومەرجیك کە لە دوای جەنگی خەلیج وڕاپەرینی 1991 وسەرئەنجام چونەدەرەوەی دام ودەزگاکانی رژیم لە کوردستان ودابڕانی بە کردەوەی کوردستان لە دەولەتی مەرکەزی خولقابوو، خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عیراقی بەرزکردبووەوە، وەکو ریگاچارەیەکی گونجاو وکارساز هەم بۆ لابردنی ستەمی میللی وهەم بۆ کۆتایهینان بە سەرگەردانی سیاسی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە تیکۆشا بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمیك تا لە ریگای گەرانەوە بۆ رای خەلکەوە ئەم ریگاچارەیە پیادەبکریت. بەڵام هەلومەرجی نوێی پاش ڕووخانی ڕژێم بواری بەرووی ئەوەدا کردەوە کە لە ریگای لێکهەڵپێکانی خەباتی جەماوەری کوردستانەوە لەگەڵ باقی خەڵکی عیراقدا لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی وسکولار ومەدەنی، کیشەی کورد وخواستەکانی خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا ریگاچارەیەکی باشتر وگونجاوتر پەیدابکات.

بەلام لە هەناوی ئالوگۆرو تازەپیشهاتووەکانی ئەم دواییانەی عیراقدا چەند فاکتەری گرنگ پێکهاتوون، کە ڕێگری گەورەیان لەبەردەم چارەسەری کیشەکانی خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا پێکهێناوە وبەم پێیەش خەبات لە پێناوی خواستی سەربەخۆیی کوردستان دووبارە دەبێتەوە بە زەروورەتێکی سیاسی. چوونە پێشەوەی هاوکاری وهاودەستی ئەمریکا وهێزە کۆنەپەرستە ئیسلامی وقەومیەیەکان بۆ داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی عیراق لەسەر بناغەیەکی قەومی ودینی، قورسایی ئیسلامی سیاسی وتاقمە تیرۆریستی وتاوانکارە ئیسلامیەیەکان لە هاوکیشەی سیاسی عیراقدا، ڕۆچوونی زیاتری کۆمەڵگای عیراق بۆ ناو لیتاوی سیناریۆی ڕەش وقولبوونەوی رکەبەری قەومی وتیرەگەری ومەترسی هەر رۆژەی پەرەگرتنی شەر لەسەر ئەم بنەمایانە، ئەو فاکتەرانەن کە جیابوونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ وغەیرە قەومی وسکولار ومەدەنی لە کوردستاندا دەکەنە زەروورەت وئەرکی فەوری جەماوەری کوردستان. دوورخستنەوەی خەلکی کوردستان لە هەرەشەی گەرانەوەی ستەمی نەتەوایەتی ومەترسیەیەکانی دووبارە بوونەوەی تراجیدیەکانی ڕابردوو لە سایەی ئەگەری سەقامگیربونەوەی دەولەتی ناسیونالیستی-ئیسلامی لە عیراقدا، هەروەها دورخستنەوەی لە مەترسی پەرەگرتنی شەڕێکی قەومی کە لایەنە ناسیونالیست وقەومیەرستەکان ئاگری بۆ خۆش دەکەن، هاوکات دورخستنەوەی خەڵکی کوردستان لەو سیناریۆ رەشەی کە لە عیراقدا بالی کیشاوە و ڕێگا گرتن لە ڕۆچوونی کوردستان بۆ ژێرباری سەنگی ئیسلامی سیاسی لە ڕێگای جیابوونەوەی کوردستان ودامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی وسکولار ومەدەنی وهاوچەرخ لە کوردستاندا، هەم ریگاچارەیەکی عەمەلی گونجاوترە بۆ خەلکی کوردستان لە نیو ئەم هەلومەرجەدا وهەم بە قازانجی ئازادی وسکولاریزم کاریگەری خۆی لەسەر هاوکیشەی سیاسی لە عیراق وناوچەکەشدا دادەنیت. هەنگاویکی بەم جۆرە لە ئیستادا

هەم لە بەرژەوەندی خەلکی کوردستان وهەم لەبەرژەوەندی سەرجەم خەلکی عیراقدایە ودەتوانی لەو رقەبەری وشەڕوکیشە قەومی‌یە دووریانبخاتەوە کە لایەنە قەومپەرستەکان نەخشەی بۆ دەکیشن.

بە پێچەوانەی پروپاگەندەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی دەسەلاّتداری کوردستانەوە ئەمڕۆ هەلومەرج زیاتر لە هەموو کاتێك بۆ وەدیهێنانی ئەم خواستە لەبارترە. توانای خەباتکارانەی جەماوەری کوردستان، هەلومەرجی عیراق و قەیرانی دەسەلاّت و پشێویی‌یەك کە لە ڕیزەکانی هێزە کۆنەپەرستەکانی عیراقدا هەیە وباروذۆخی ناوچەیی وجیهانی لە هەمووکات زیاتر هەلومەرجیان بۆ جیابونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەولّەتی سەربەخۆ لەبارکردووە. گریدانی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەگەل سیاسەتی ئەمریکا وبەم پیەش ملکەچکردن بۆ مەرجە کۆنەپەرستانەکانی ئەمریکا کە لە چوارچیوەی سیاسەتەکانی خۆیدا وهەروەها بۆ راگرتنی هاوسەنگی نیوان هیزە هاودەستەکانی لە عیراقدا، جیگاوریگای هاولاتی پلەدوویی بەسەر خەلکی کوردستاندا فەرز دەکاتەوە، تەسلیم بوون بەو بریارانەی کە یەکێتی وپارتی خۆیان بە سزادانی خەڵکی کوردستان ناویان بردووە، قومارو بازرگانی‌یە بە چارەنووسی خەڵکەوە وفرۆشتنی خەونی دێرینی جەماوەری کوردستانە بۆ ڕزگاربوون لە دەست پلە دوویی وستەمی نەتەوایەتی بە نرخی بەشداری ئەحزابی دەسەلاّتدار و سەرمایەدارانی کوردستان لە دەسەلاّت و سەروەتی عیراقدا.

رووداوو بەندوبەستەکانی ئەم دواییانە بەسەرپەرشتی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی حکومەتی کاتی‌و دابەشکردنی دەسەلات لە نیوان دەست‌وپیوەندەکانی ئەمریکاو مامەلەی دەستبڕانە لەگەل خەلکی کوردستان‌و تەنانەت لەگەل خودی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو فیدرالیزمەکەیان، دروستی پیشبینیەکانی ئیمەی لە بارەی نەشیاوی‌و پوچی‌و نالەباری فیدرالیزمەوە سەلماند. نیشانی دا کە فیدرالیزم هیچ پەیوەندیەکی بە چارەسەری ستەمی میللیەوە نیەو تەنها ئەلگۆیەکە بۆ دابەشکردنی دەسەلات لە نیوان هیزە بۆرژوازیەکان‌و مسۆگەرکردنی لەتە بەشیك بۆ ناسیونالیستە کوردەکان، نیشانی دا کە فیدرالیزم تەنانەت بە چاودیری وشایەتی ئەمریکا ونەتەوە یەکگرتوەکانیش هیچ زەمانەت وصیاغە وقالبیکی نەبراوەی نیە وهەموو رۆژیك ولە هەموو هەلومەرج ورەسمکردنەوەیەکی هاوکیشەی سیاسی ودەسەلاّتدا دەبیتەوە بە بابەتی شەر وکیشە ومشتومڕ وئەگەری ئەوە هەیە کە یان ببێ بە هەوا وبە ئاسماندا بچیت، یان ببیتە مایەی ئاشوب وشەڕو کوشتار. نیشانی دا کە فیدرالیزم نسخەیەکی قەومپەرستی‌یە بۆ مۆرکردنی ناوچەوانی هاولاتیان بە ناسنامەی قەومی وپەرەپیدانی رقەبەری وشەڕو کیشەی نەبڕاوەی قەومی لە نیوان دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بە پیّ‌ی فیدرالیزم وناسنامەی جیاوازی نەتەوەیی خەتیان لە نیوانیاندا کیشاوە. هەر ئەم چەند هەفتەیەی دوایی هەموو ئەمانە لە مەیدانی سیاسی عیراقدا بە عەمەلی خۆی نیشان دا وسەرئەنجامیش بە ملکەچکردنەوەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بۆ عەزەمەت تەلەبی هەویەی قەومی عەرەبی وڕازی بوون لەسەر پلەدوویی هاولاتیانی کوردزمان ودانیشتنەوە لەسەر کورسی نائیبی کۆتایی هات. بەم ناکامی‌یە دەورەیەك لە کیشمەکیشەکان کۆتایی‌هات وخۆ ئامادەکردنەوە بۆ دەورەیەکی تازە دەستی پی کردەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە خەباتی سەرتاسەری خۆی بۆ کۆتایی‌هێنان بە سیناریۆی ڕەش لە عیراق بەردەوامە. ستراتیژی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە ئاستی عیراقدا بۆ سازدانەوەی مەدەنیەت لە ڕێگای کردنە دەرەوەی ئەمریکا و پەکخستنی نەخشەکانی بۆ پێکهێنانەوەی دەولّەتێکی قەومی– ئیسلامی وهینانە سەرکاری دەولّەتێکی غەیرە قەومی وسکولار ومەدەنی بۆ ڕزگارکردنی جەماوەری خەڵکی عیراق لە سیناریۆی ڕەش ومەترسی تێکڕمانی زیاتری کۆمەڵگای عیراق، هەر لەسەر جیگای خۆیەتی. جیابونەوەی کوردستان وپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومی وغەیرە دینی وسکولار، دەتوانی هەنگاویکیش بیت بۆ گۆرینی هاوسەنگی هیز بە قازانجی چونەپیشی ئەم ستراتیژە لە ئاستی عیراقدا وبگرە کاریگەری ئیجابی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت وئازادیخوازان وچەپ لە عیراق وناوچەکەدا بەهێز دەکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هێزێکی جوودایی خواز نی‌یە نایەوێت قەڵەشت ودیوار بخاتە نیوان ڕیزەکانی جەماوەری عیراق وئەم کۆمەڵگایە پارچەپارچە بکات، بەرنامە وماهیەتی ئەم حیزبە وبی‌بەریبوونی لە هەر جۆرە هەستیکی قەومی وخاکپەرستی، هەورەها

مێژووی چەندین ساڵەی خەباتی لە دژی ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس وهەموو ئەو فاکتەرانەی کە گیانی نەتەوەپەرستی وڕکەبەری قەومی باوەشین دەکەن، تیکۆشانی زیاتر لە یەکسالی رابردووی لە پیناو لێکهەلپێکانی خەباتی خەلکی کوردستان لەگەل هەموو خەلکی عیراق لە پیناو دامەزراندنی حکومەتیکی غەیرە قەومی وسکولاردا کە بتوانێ ئاوات وئارەزوەکانی سەرجەم خەلکی عیراق وکوردستان لە چوارچیوەی عیراقیکی یەکگرتوودا دەستەبەر بکات، بەلگەکانی ئەم راستیەن وشاهیدی هەوڵی بێپسانەوەی ئەم حیزبەن لە پێناو گرێدانەوەی خەباتی جەماوەری کوردستان لەگەڵ خەڵکی باقی عیراق لە خەبات بۆ ئازادی ویەکسانی وخۆشگوزەرانیدا، بەڵام ئەمریکا وهێزە کۆنەپەرستە هاوکارەکانی بە پرۆژەی سازدانەوەی دەوڵەتێکی عروبی–ئیسلامی ودەستئاوەڵا بوونی هێز ودەستە وتاقمە ئیسلامیيە کۆنەپەرستەکان بۆ داسەپاندنی ڕۆژگارێکی ڕەش لە بێمافی ونموونەیەکی تری وەك ئێران وئەفغانستان بەسەر خەڵکی تەواوی عیراقدا، جگە لە جیابونەوە هیچ هەڵبژاردنێکی سیاسی تریان لەبەردەم جەماوەری کوردستاندا نەهێشتۆتەوە کە زامنی بەدیهێنانی سەرەتاییترین خواست و ماف وئازادییەکانیان بێت. ئازادیو ئاسودەیی ومافی هاولاتیبوونی یەکسان لە سەرتایترین ئاستیدا لە سایەی دەستوور ودەوڵەتێکی غەیرە قەومی وسکولار ومەدەنیدا زامن دەبێت وهەرجۆرە لکاندنێکی کوردستان بە عیراقێك کە دەوڵەتێکی عروبی–ئیسلامی حوکمی دەکات بە مانای پلە دوویی وبێمافی خەڵکی کوردزمانی کوردستانە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە توندی لە بەرامبەر ئەم پلەدوویی وهەڵاواردنە رادەوەستیت کە دژی خەلکی کوردستان بەریوەدەبریت ولە بەرامبەر ئەم هەلومەرجەشدا خەبات وتێکۆشان لە پێناو جیابونەوەی کوردستان بە ئەرکێکی خۆی دەزانێت. بەم پێیە لە پیناو بردنە پێشەوەی خەباتی هەمەلایەنە بۆ وەدیهێنانی ماف وئازادییەکانی خەلکی کوردستان، تێکۆشان لەڕێگای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا دەخاتە دەستوری خۆیەوە. بۆ ئەم مەبەستە خوازیاری ئەوەیە کە دەسبەجێ ریفراندویکی گشتی وئازادنە لە کوردستاندا بەرپابیت بۆ ڕاپرسی بە خەلك. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری پی لەسەر ئەوە دادەگریت کە دەبێ چارەنوسی کوردستان لە ریگای گەرانەوە بۆ رای خەلکەوە یەکلابکریتەوە وهیچ بریاریك لەسەر ئەم چارەنوسە لەسەرو ئیرادەی خەلکەوە شەرعیەتی نیە ومەحکومە. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری خەبات دەکات بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمیك کە تیایدا خەڵکی کوردستان ئازادانە لە نێوان جیابوونەوە لە عیراق وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان مانەوە بە پاراستنی مافی هاووڵاتی بوونی یەکسانەوە کە لە سەرتایترین ئاستی خۆیدا بە دەستوورو دەوڵەتێکی غەیرە قەومی وسکولار ومەدەنی زەمانەت دەکرێت، هەڵبژاردنی خۆیان بکەن، بانگەوازی هەموو جەماوەری تینووی ئازادی وناڕازی لە دەست ستەمی نەتەوایەتی وهەلاواردن وپلەدوویی دەکات بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی ئەم خەباتە وکۆبونەوە وڕاوەستان لە پشتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، هەروەها بانگەوازی جەماوەری کرێکاران وخەلکی ئازادیخوازی عیراق دەکات کە پشتیوانی لە خەلکی کوردستان وئەم خواست وخەباتەیان بکەن، هاوکات بانگەوازی هەموو ئەو هێزانە دەکات کە ئازادی وڕزگاری خەلکی کوردستان بە ئامانجی خۆیان دەزانن پشتیوانی لەم خواست وخەباتە بکەن.

**پلینۆمی چواردەهەمی کۆمیتەی ناوەندی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق**

**2004/06/26**